ئەوەی حەسەن وحوسەینی خۆش بوێت؛ ئەوا منی خۆش ویستووە، وئەوەی ڕقی لێیان بێت؛ ئەوا ڕقی لە منە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی حەسەن وحوسەینی خۆش بوێت؛ ئەوا منی خۆش ویستووە، وئەوەی ڕقی لێیان بێتەوە؛ ئەوا ڕقی لە منە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک حەسەن وحوسەینی خۆش بوێت کە کچەزای* پێغەمبەرن -صلى الله عليه وسلم- ئەوا ئەو کەسە پێغەمبەری خۆشویستووە، وئەوەی ڕقی لێیان بێتەوە ئەوا ڕقی لە پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر بەرزی پلەوپایەیان. *(کچەزا: بە واتای منداڵی کچ دێت، کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت -سِبط-)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11173